

# خۆئامادە کردنی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە وەك هێزێکی بڕیاردەر لە گۆڕانکارییەکانی داهاتووی ئێران و کوردستان لە وتووێژێك لەگەڵ هاوڕێ "جەماڵ زەندی"دا

*هەمووان دەزانین کە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تووی گۆڕانکاری ئاوسە. کۆمەڵە وەك حیزبێکی سیاسی جیددی و پەیگر لە دەستەبەر کردنی مافەڕەواکانی خەڵکی کوردستانی رۆژهەڵات و پاراستنی دەسکەوتنەکانی خەڵکی کورد لەو پارچەیە لە کوردستان ئەرکێکی قورسی دەکەوێتە سەرشان. ئاگادار بووین کە خولێکی راهێنان و پەروەردەیی بە مەبەستی ئامادەیی زۆرتری هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە ناوچە شاخاوییەکان کوردستانی باشوور، کۆمەڵێك لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە ئۆردوویەکی ئامادەییان بۆ بەرپا کراوە. دەربارەی ئەم دەورەیە لەگەڵ هاوڕێ جەماڵی زەندی وەك چاودێری بەڕێوە چوونی دەورەکە وتووێژێکمان پێك هێنا کە بەم شێوەیە بوو.*

ئا/ئەردەڵان فەرەجی

---

- ***لە باشووری کوردستان بە دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا ئەگەر هێزی پێشمەرگە نەبوایە رژیمی بەعس دوای ئەوەی هێزەکانی لە کووەیت کشاندەوە بە ئاسانی دەیتوانی ئەو راپەڕینە خوڵپانی خوێن بکات***

***_شۆڕش: هاوڕێ جەماڵ تکایە دەربارەی ئەم دەورەیە و ئەو چالاکییانەی کە تێیدا بووتانە، بۆمان بدوێن.***

***_هاوڕێ جەماڵی زەندی:*** ئەم دەورەیە کە نزیك بە مانگێکی خایاند لە دەرەوەی ئۆردووگاکانی کۆمەڵە و لە شوێنە شاخاوییەکانی کوردستانی باشوور بوو، هەروەها بەشێك لە کادر و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە وەك ماموستا بەشداریان تێدا کرد و ئێمە لەم ماوەیەدا توانیمان بە مەبەستەکانمان بگەین. ئەوەی ئێمە لەم دەورەیەدا مەبەستمان بوو بووژاندنەوە و بردنە سەرێی ئاستی لێهاتوویی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بوو. هەورەك ئاگادارن بە دوای هاتنە دەرەوەی کۆمەڵە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ئێمە ئەوەڵین حیزب بووین لە کوردستانی رۆژهەڵات کە دوای ساڵانێك بوونی هێزی پێشمەرگەمان لە کوردستان بوژاندەوە و توانیمان بە هەموو گیروگرفتەکانییەوە کە لەم بوارەدا لەبەر پێی هێزی پێشمەرگەدا بوو، لە شار و دێهاتەکانی کوردستان حزوور پەیدا بکەین. گەرەکمە ئەمەتان پێ بڵێم کە ئێمە لەم دەورەیەدا و لە دەورەکانی داهاتووشدا بە تەما بووین و هەین کە هەوڵ بدەین ئەزموونی تێکۆشانی ئەم چەند ساڵە و بە گشتی ئەزموونەکانی



هێزی پێشمەرگە بە جۆرێك کە پێداویستی ئەم سەردەمەیە بە هێزی پێشمەرگەی ئێستای کۆمەڵە کە زۆرتر لە نەسڵی تازەلاو و تازە پێگەیشتووی کوردستانن، مونتەقیل بکەین. لە هەمان کاتدا ئامادەگی نیزامییان ببەینە ئاستێك کە لە کەمترین ماوەدا ئەم هێزە بتوانێت لە هەر شوێنێکی کوردستاندا کە پێویست بێت حزور پەیدا بکات و بتوانێ ببێتە هەوێنی هێزێکی گەورە.

***_شۆڕش: پێویستی ئەنجامی وەها دەورەگەلێك لە كوێوە سەرچاوە دەگرێ. ئایا ئێوە لە بەرنامەتاندایە وەها چالاكییەك درێژەی هەبێ؟***

***_هاوڕێ جەماڵی زەندی:*** ئاڵوگۆڕەكانی ناوچەكە بە گشتی و وەزعی ناوخۆیی و دەرەكی ئێران هەموو باس لە گۆڕانكاری لە ماوەی یەك دوو ساڵی داهاتوودا دەكەن. جا هەربۆیە كۆمەڵەش وەكوو یەكێك لە هێزە سەرەكییەكانی كوردستانی ئێران كە لە چەن ساڵی رابوردوودا چالاكانە لە هەموو بەشە جۆراوجۆرەكانی موبارزەی دژی كۆماری ئیسلامی ئێران كۆڵنەدەرانە هەوڵی داوە و بەردەوامیش دەبێت. چالاكی پێشمەرگانەش یەكێ لە بوارەكانی موبارزە دژی كۆماری ئیسلامییە كە لە كاتی گونجاودا دەبێت كەڵكی لێوەربگیرێت. جا بۆیە هێزی پێشمەرگەی كۆمەڵە دەبێت  بە هەموو توانایەوە خۆی بۆ ئەوە ئامادە بكات، ئەتوانم ئەوەتان پێبڵێم كە پێویستی وەها دەورەگەلێك لەوەی كە باسم كرد سەرچاوە دەگرێت و بەشی دووهەمی پرسیارەكەتان كە گۆیا ئێمە لە بەرنامەمان دایە ئاوەها دەورەگەلێكی تایبەتمان هەبێ، بێگومان كۆمەڵە پێویستی جدی بە هێزی پێشمەرگەیەك هەیە كە لە بواری چەندایەتی و چۆنایەتییەوە بتوانێت جواب دەرەوەی نیازەكانی ئەم سەردەمە و لە هەمان كاتدا هەوێنی هێزێكی گەورە بێت كە لە داهاتوودا دەبێت كۆمەڵە رێكی بخات. جا بۆیە ئەم جۆرە دەورەگەلە نەتەنیا پێویستە، بەڵكوو دەبێت هەوڵ بدەین لە ئاستێكی بەرزتردا درێژەی پێبدەین. ئێمەش ئەوەندەی ئیمكانمان هەبێت هەوڵ دەدەین درێژەی بدەین.

***_شۆڕش: هاوڕێ جەماڵ ئێوە رۆڵی هێزی پێشمەرگە لە گۆڕانكارییەكانی داهاتووی ئێران و كوردستان بە تایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی كوردستانی باشوور چۆن دەبینن؟***

***_هاوڕێ جەماڵی زەندی:*** ئەمە تا رادەیەك بەستراوەتەوە بە جۆری گۆڕانكارییەك كە لە ئێران بێتە پێش. ئایا گۆڕانكاری بە خەباتی جەماوەری لەناوەوە دەبێت، یان لە درەوە بە فشاری دەرەكی، یا بە هاوبەش و چەند لایەنە بێت. لە هەموو حالەتەكاندا هێزی پێشمەرگەی دەوری كاریگەری ئەبێت. ئێمە ئەگەر بگەڕێینەوە دواوە و بۆ ساڵەكانی ٥٨_٥٧ بۆ راپەڕینی گەلانی ئێران و ئەزموونەكانی ئەو راپەڕینە، دوای ئەوەی كە لە ئێران رووحانی و ئیسلامی باڵیان بەسەر دەسەڵاتدا گرت، كوردستان بوو بە سەنگەری بەرەنگاری و موقاوەمەت و هەموو هێزە بەرهەڵستكارانی بە دژی دەسەڵاتی كۆماری ئیسلامی لە خۆیدا كۆكردەوە. زۆربەی ئەم ئاڵوگۆڕانە لە ژێر كاریگەری هێزی پێشمەرگەدا بوو لەو سەردەمەدا. ئەگەر هەموو ئەو هێزانە بیانتوانیبایە بەرەیەكی یەكگرتوو دروست بكەن بە دژی كۆماری ئیسلامی، بێگومان بزووتنەوەی كوردستان دەیتوانی دەرەنجامێكی باشتری هەبێت لەوەی كە بەسەری هات. ئێوە ئیشارەتان بە باشووری كوردستان كرد، لە



باشووری كوردستان بە دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا ئەگەر هێزی پێشمەرگە نەبوایە رژیمی بەعس دوای ئەوەی هێزەكانی لە كووەیت كشاندەوە بە ئاسانی دەیتوانی ئەو راپەڕینە خوڵپانی خوێن بكات و دایمركێنێتەوە.

هەروەها لە باشووری كوردستان هێزی پێشمەرگە لەو ئەزموونە ١٣_١٢ ساڵەیەدا دەوری كاریگەری هەبووە لە پاراستنی ئاسایشی ناوچەكەداو، دواتریش لە رووخانی رژیمی بەعسدا و هەروەها بۆ پووچەڵ كردنەوەی هەڕەشە دەرەكییەكان كە دوای رووخانی رژیمی بەعس كوردستانی خستبووە مەترسییەوە. پارتە كوردەكانی باشوور یەكێك لە هۆكارەكانی كە توانیان دوای رووخانی بەعس سەنگی خۆیان لە گۆڕانكارییەكانی عێراق وەدەست بهێنن بوونی هێزی پێشمەرگە بوو.

جا بۆیە لە گۆڕانكارییەكانی داهاتووی ئێرانیشدا بە بڕوای من هێزی پێشمەرگەی كۆمەڵە دەتوانێت و دەبێ ئەو ئەركە كە ئەكەوێتە سەرشانی بە باشترین شێوە بیباتە پێشەوە. لەوانە پاراستنی بەرژەوەندییەكانی خەڵكی كوردستان. ئێمە هەمیشە وتوومانە كە هێزی پێشمەرگەی كۆمەڵە باسكی چەكداری كرێكاران و زەحمەتكێشانی كوردستانە كە لە پێناو بەدیهێنانی مافە رەواكانی خەڵكدا چەكی هەڵگرتووە. بۆیە ئەمە ئەركێكی قورسە لە سەر شانی هێزی پێشمەرگەی كۆمەڵە كە دەبێت دەستەبەری بكات. هەروەها بتوانێ پاراستنی ئەمن و ئاسایشی ناوچەكە رابگرێت و پارێزەرێكی راستەقینەی دێموكراسی و پلۆرالیزمی سیاسی بێت لە كوردستاندا بەرامبەر هێزە ئیرتجاعی و داگیركەرەكان.

_زۆر سپاس هاوڕێ جەماڵ

_سپاس بۆ ئێوەش و ماندوو نەبن.